چی کردەوەیەک خۆشەویستترینە لای اللە؟ فەرمووی: «نوێژ کردن لەکاتی خۆی»، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوک» ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «جیهاد وتێکۆشان لە پێناو اللە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد: چی کردەوەیەک خۆشەویستترینە لای اللە؟ فەرمووی: «نوێژ کردن لەکاتی خۆی»، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوک» ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «جیهاد وتێکۆشان لە پێناو اللە»، (ئیبن مەسعود) دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوانەی بۆم باسکرد، ئەگەر پرسیاری زیاترم لێکردایە ئەوا وەڵامی زیاتری دەدامەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: چی کردەوەیەك خۆشەویستترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: نوێژە فەرزەکان لەکاتەکانی خۆیاندا ؛ کە لەشەریعەتدا دیاریکراون، پاشان چاکەکاری بەرامبەر دایك وباوك، وجێبەجێکردنی مافەکانیان، وخراپەکار نەبوون بەرامبەریان، پاشان جیهاد لەپێناو خوای گەورە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی اللە -عز وجل-، وبەرگری کردن لە ئاینی ئیسلام ومسوڵمانان، ودەرخستنی دروشمەکانی، وهەستان بەمە بە نەفس ومااڵ. ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم کردەوانەی فەرموو؛ ئەگەر پێم بوتایە: پاشان چی کردەوەیەکی تر؟ ئەوا زیاتری باسدەکرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3365